# ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئینجیلەکان

**(بەشی یانزە)**



**نوسینی: کری ڤۆلف**

**وەرگێڕانی بۆ فارسی: محەممەدی قازی**

**ناسری ئەمین نژاد کردوویە بە کوردی**

## پاپ جێنشینی پەترۆسی قوتابی

لەسەرو هەموو کلیسای کاتولیکەوە پیاوێک جێی گرتووە کە پێی دەڵێن پاپای روم و پەتی بەڕێوەبردنی وڵاتێکی سەربەخۆ بە ناوی «واتیکان»ی لە دەستدایە. ئەم کابرایە لە کۆشکێکی رازاوەی بە سەدتەرز، لەناو ژمارەیەکی زۆری پیاوانی ئاینییدا دەژی. ئەمانە وەزیر و بریکار و خزمەتکاری ئەون و لە هەموو چین و پلە جۆربەجۆرەکانیان تێدایە و هەرکامەیان تایبەتمەندی خۆی هەیە. تیپێکی چەکداریش ئەرکی پارێزگاری و ئێشکچییەتی ئەویان لە ئەستۆیە. ئەم پیاوە فەرماندە و رێبەری سەدان هەزار کەسی ئاینیی و "مەلا"ی کاتۆلیکە، کە هەر رۆژ بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری ئاینی سەدان ملوێن لایەنگری خۆیان لە هەموو جیهاندا هەڵدەسوڕێن و کاری بۆ دەکەن. پاپای روم هەر لە واتیکانەوەیە کە رایەڵەکانی پێوەندی لە گەڵ حکومەت و دەسەڵاتدارانی وڵاتانی جۆربەجۆری سەرمایەداری گرێ دەدات و هەر لەوێشەوەیە کە نوێنەری خۆی بۆ ئەو وڵاتانە رەوانە دەکات، کە بە پێویستی دەزانێ خۆ لە رەوتی رووداوەکانی وەربدات . ئا بەمجۆرەیە کە پاپای روم بەشداری لە هەموو ژیانی سیاسی و ئابووری نێونەتەوەییدا دەکات، یان لانی کەم هەوڵ دەدات خۆی تێوەردا و شوێنی خۆی لەسەر دابنێ.



سەروەت و دارایییەکانی کلیسای کاتۆلیک یەکجار زۆرە و لە ژمار چۆتەدەر. ئەم سەروەت و دارایییانە لە رێگای جۆربەجۆر و بە شێوەی مامەڵە و دانوستانی سەرمایەدارانە وەگەڕ خراون. واتیکان نەک هەر خاوەنی زەویوزار و دامەزراوەی زۆروزەبەندی کشتوکاڵییە، بەڵکو لە ژمارەیەکی بەرچاوی کارخانە و کارگەی جۆربەجۆر و دامەزراوەی پیشەسازی و رێگای ئاسن و شەریکەی نەوتی و غەیرە نەوتی و دامەزراوەکانی بانکیدا شەریکە بەشە و بەشێکی مۆڵی بەدەستەوەیە. ئەم سەروەت و سامانە لە رادەیەکدایە ئەگەر بێتوو بڵێین «پاپ» یەکێک لە هەرە دەوڵەمەندترین سەرمایەدارەکانی دنیایە بە هەڵەدا نەچووین. بەمجۆرە دەبینین کە کلیسا هەم خاوەنی دامودەزگایەکی پانوبەرین و بەهێزی تەوژم هێنانی سیاسی و فکرییە و هەم خاوەنی گەلێک دامەزراوەی گەورەوگرانی پیشەسازی و بازرگانی و پوڵییشە. سەیریش ئەوەیە کە هەموو ئەمانە هەر لە سەر بنەمای ئینجیل پاکانەیان بۆ دەکرێ و لە ئاوی شەویش بە پاکتر دەنوێندرێ.

ئینجیلەکان باسی ئەوە دەکەن کە رۆژێکیان عیسا بە پەترۆسی قوتابی وت: «تۆ بەردی[1] و من کلیساکەی خۆم لەسەر ئەم بەردە رۆدەنێم» پاشان ئەم چیرۆکەیان بۆ داتاشی کە پەترۆس یەکەم قەشەی مەسیحی روم بووە و لەوساوە ئیتر پیاوە ئایینییە هەرە مەزنەکانی روم راستەوخۆ لە جێی ئەو دانیشتوون. بەمئاوایە ئەمرۆ پاپاکان نوێنەری جێگرە بە دەسەڵاتەکانی عیسا لەم دنیایەن، نوێنەرانی بەردەوامی ئەون و کەس بۆیان نیە لایان بدات. هەر بەم هۆیەشە کە کلیسای کاتۆلیک بە واتیکان دەڵێ: " تەختی پەترۆسی پیرۆز" و داوا لە لایەنگرەکانیان دەکەن رێزێکی پڕشکۆی ئاسمانی لە پاپا بگرن. بۆ نمونە لە میوانییە پرشکۆکاندا دەبێ ئەو بارگینە ماچ بکەن کە ئەو سواری بووە. عینوانی فەرمی و تەواوی پاپا ئەمەیە: « نوێنەری بەرزی عیسای مەسیح و جێنشینی پەترۆسی قوتابی و مەترانی هەموو دنیا و

١- Pierre یناو پەترۆسی قوتابییە و مانای بەردی هەیە. (م. ق)

خەلیفەی سەردەم و شوانی ئایینی» ئایا هەر ئەم عینوانە سادەیە! خۆبەکەم گرتوویی و «هەژاریی فکری» ناو ئینجیلەکان ناگەیەنێ؟

بەمجۆرە دەبینین کە ئینجیلەکان فکرەی خۆبەکەم گرتوویی، نزم ڕاگرتنی ویستی نەفس و هەژاری و رووتورەجاڵی و دەروێشی بڵاو دەکەنەوە. بەڵام لە هەمان کاتدا خۆیان وەک ماکی لووتبەرزی و فیز و دەعیەی بێ وینە و سووککردن و هێنانەخوارەوەی مرۆڤ دەجووڵێنەوە و ئەو ئەتوارەش بە زەقترین شێوە دەنوێنن. لێرەدا بە بێ لێکدانەوەی زیاتر هەر ئەوەندە بەسە چاوێک لە نەریتی بێزراوی ماچکردنی بارگینەکەی پاپا بکەین. ئەمە بۆ خۆی هەموو شتێک روون دەکاتەوە. ئەم دامودەزگا زەبەلاحە ئاینییە بە پشت ئەستووری ئینجیلەکانەوەیە کە باس لە پێویستی بەرینکردنەوە و پترکردنی دەسەڵاتی پاپا بەسەر هەموو دنیا و سەرلەبەری نەتەوەکان و دەوڵەتەکانی دنیادا دەکەن. پاپاکان لە ئامۆژگارییەکانی خۆیاندا قسە لەوە دەکەن کە مرۆڤ نابێ لەم دنیایەدا  بە شوێن کۆکردنەوەی سەروەت و سامانەوە بن، بەڵام لەولاش بۆ خۆیان بارگە و بنەی سەروەت و سامانێکی بێ حسابیان پێکەوە ناوە. بەگشتی تێکڕای هەڵسووکەوتەکانی کلیسا کە بە درێژایی سەردەم و سەدەکان بۆتە هۆی وەڕێکەوتنی جۆگەلەی خوێن و کوژرانی ملوێنەها ئینسانی لێبۆتەوە پشتی بە بنەما باسکراوەکانی ناو ئینجیلەکانەوە بەستووە.

کلیسای کاتولیك لە سەدەکانی ناوەڕاستدا گەورەترین ئاغا و دەرەبەگی سەردەمی خۆی بوو. کلیسای ئەودەم خاوەنی سێ یەکە بەشێکی هەموو زەوی و زاری کشتوکاڵی ئوروپا بووە. ملوێنەها جوتیاری بەستراوە بە زەوی (سێرف) لە زەویوزارەکاندا کاریان دەکرد و بە کار و ئارەقەی ناوچاوانیان ورگی ژمارەیەکی زۆر لە قەشە و روحانی و دەستەوبەستە و ئەندامانی سەر بە دامودەزگای ئاینییان تێر دەکرد. کلیسا بە یارمەتی فێرکردەکانی ئینجیل ملوێنەها جوتیاری برسی و پەککەوتە - بەهۆی کاری لە تاقەتبەدەری لە ژێر ڕکێفدا رادەگرت و بەمجۆرە گەورەترین و کاراترین یارمەتییان بە چینی دەرەبەگ، واتە چینی دەسەڵاتداری ناو کۆمەڵگای ئەودەم  دەگەیاند. پرزەی لە



ڕەوتی خویندن دەبڕی و ئەو زانا و پسپۆڕانەی دەکڵپەی ئاگر داویشت کە تێدەکۆشان لە سروشت بکۆڵنەوە و پاڵ بە ڕەوڕەوەی زانست و زانیاری بەرەو پێشەوە بنێن. ئەوانە لە ڕێگای کوشتار و بە زیندوویی سوتاندن و زەبروزەنگ دەیانەویست بەری بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی زانستەکان بگرن.

کلیسای کاتولیك لە ماوەی سەدەکانی ١١ تا ١٣ی زاینییدا هەشت شەری قورس و خوێناوی و زاڵمانەیان بە ناوی «شەرەکانی سەلیبیی» هەڵگیرساند و بەڕێوەیان بردوە. بۆچی ئەم شەڕانەیان هەڵگیرساند و مەبەستیان چیبوو؟

لە سەدەی یانزەدا فەلەستین و شاری «ئورشەلیم» کە مەسیحییەکان دەڵێن قەبری عیسای لێیە و دواتریش هەر لەو جێگایەدا پەرستگایەکیان لێ سازکردبوو، لە لایەن «سەلجوقییەکانەوە» کە موسڵمان بوون داگیرکرا. بەمجۆرە «شوێنەپیرۆز»ەکەیان کەوتبوە دەست موسڵمانەکان یانی «دوژمن و نەیاری مەسیحییەت»

مەسیحییەکان لە کۆتایی سەدەی یازدە بەملاوە شەڕیان بۆ گرتنەوەی فەلەستین و شادبوونەوە بە "گۆڕی خوا" دەستپێکرد. لەژێر ڕێبەرایەتی پیاوە ئایینییەکان لەشکەری زۆروزەبەند لە «گیان لەسەر دەستانی سەلیبی» سازوتەیار کران و بۆ بەرنگاریکردنی «کافرەکان» وەرێخران. ئەمانە هەموو شار و گوندەکانی سەر ڕێگایان تالان دەکرد. دەچونە هەر جێیەك ئاوریان تێبەردەدا و دانیشتوانەکانیان دەکوشتن، کتێبەکانیان دەسوتاندن و دامەزراوە کەلتوورییەکانیان خاپوور دەکرد. ئاشکرایە کە تا فەلەستین ڕێگایەکی هەڵەموت و دژواریان لەبەر بوو، سەفەرێکی وا بێمنەت دوو ساڵی دەبرد. لەو ماوەیەدا و لەم ڕێگایەدا سەری دەیان هەزار کەسی سەلیبخواز بە هۆی نەخۆشی یان برسیایەتی یاخود شەر و کێشەی ناوخۆییان تێداچوو. بە هەموو ئەمانەوە زیاتر لە جارێك نەیانتوانی ئورشەلیم بگرنەوە، ئەویش تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت. زۆرجار هەر نەدەگەیشتنە فەلەستین و لەجیاتی شەڕ لە گەڵ مەسڵمانەکان بە تالان و بڕۆی شارە مەسیحییەکانی سەر ڕێگاوە خەریك دەبوون. ئا بەمحاڵەشەوە مێژوونووسانی کلیسا ناوی «شەرەکانی سەلیبیی»یان لەسەر ئەم شاکارە بەرزەی

مەسیحییەکان داناوە و نووسیویانە «سەربازە سەلیبییەکان کافرەکانیان لە خوێنی خۆیان دەگەوزاند»

زۆر کەمئاوەزانە و سەرسەری خوێندنەوەیە ئەگەر کەسێك پێیوابێ «شەرەکانی سەلیبیی» لەسەر رزگارکردنی «گۆڕی خودا» هەڵگیرساوە و کلیسا هەر بەو ئامانجە دەستی داوەتە شەڕێکی وا.

هۆکاری سەرەکی ئەم شەڕانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بازرگانە دەوڵەمەندەکانی ئورووپایی لە هەوڵی ئەوەدا بوون رێگا و شوێنی تازە بۆ مامەڵە و بازرگانی لەگەڵ رۆژهەڵاتدا بدۆزنەوە. دەرەبەگ و ئاغاواتەکانیش دەیانەویست بەڵکوو دەست بەسەر خاك و وڵاتی نوێدا بگرن و لەوێش کۆمەڵانی جوتیاری بەستراوە بە زەوی برەتێننەوە. کلیسا هەرچەند لەم کێشەیەدا دەرووی بۆ چینی چەوسێنەر دەکردەوە تا بە ئامانجەکانی خۆی بگات، بەڵام لە بەرژەوەند و مەبەستی تایبەتی خۆشی دەڕوانی. کلیسا دەیەویست دەسترۆیشتویی و دەسەڵاتی خۆی پەرە پێبدا، تێدەکۆشا بە هەڵخراندنی جەماوەری بەرینی خەڵك و رێبەری کردنیان، رێگای گەیشتن بە مەبەستەکانی خۆی تەخت بکات. هەروەها دەیەویست ئاستی دەسترۆیشتویی و دەسەڵاتی کلیسا بەسەر ئەو وڵاتە نوێیانەشدا زیاتر بڵاو بکاتەوە کە سەربازە سەلیبییەکان دەبوو داگیری بکەن. ئەمەش بواری بۆ کلیسا دەڕەخساند هەتا ژمارەی «ڕانە مەڕەکانی مەسیح» واتە «اغنام الله» بچێتەسەر و قەشەکانیش بە قازانجی خۆیان بیاندۆشن. شەڕکەرانی سەلیبی تا "گەڕانەوەیان"!! لە «جیهاد» هەموو ماڵ و سامانی خۆیان بە کلیسا دەسپارد. زۆربەی ئەم شەڕکەرانە نەدەگەڕانەوە، گەلێکیان هەر لە ڕێگادا سەریان تێدا دەچوو، ئەوجار هەموو زەوی و زارەکانیان لە ژێر دەستی کلیسادا دەمایەوە و مردووخۆر دەکرا. ئەمەش ببوە سەرچاوەیەکی باشی بەرهەمهێنانی سەروەت و سامانێکی مۆڵ بۆ کلیسا. هەموو ئەمانە لە لایەك لە لایەکی دیکەش ئەم شەڕانە تا ڕادەیەکی زۆر کێشە و رق و نەفرەتی جوتیاری بەستراوە بە زەوی لە دژی ئاغاواتەکانی ـ ئەگەر کاتیش بووبێ ـ کەم دەکردەوە و دەتوانین بڵێین دەڕەواندەوە. چونکا هەر دوو لایان دەبوونە سەربازی سەلیبی و پێکڕا لە



دژی دوژمنی هاوبەش شەریان دەکرد. هەر ئەمەش بایەخی تایبەتی شەرەکانی سەلیبی بۆ چەوسێنەرانی دنیایی و شەرعی واتە دەرەبەگ و کلیسا دەردەخست. تازە هەموو ئەم کارانەش بە پاکانە و قەبڵاندن و بەتەبەڕوك کردنی کلیسا بەڕێوە دەچوو. دەیانوت: "عیسا لە ئورشێلیم نەکوژراوە، بەڵکوو درێژ بووە و دەبێ نووستنگاکەی لە چنگ کافران دەربێنین". هەر بەم بیانووەوە ملوێنەها ئینسان بۆ دابینکردنی بەرژەوەندی چەوسێنەران رەوانەی کوشتارگاکان کراون. لە دەورانی سەدەکانی ناوەڕاستدا گەلێك جینایەت و ئاکاری دژی ئینسانی بە ناوی ئینجیل و لەژێر رێبەرایەتی پاپاکان ـ جێنشینەکانی پەتروسی قوتابی ـ بەرێوەچوون و درێژەی هەبوە...

کۆتایی بەشی ١١

ماویەتی .....